بۆ دامەزراندنی ژمارەیەک وەستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا عێراق و چین گرێبەست واژۆ دەکەن

بۆ دامەزراندنی ژمارەیەک وەستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا وەزارەتی کارەبای عێراق گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای شەنگهای چینی واژەدەکات کە توانای وەستگەکان دەگاتە ١٠ هەزار مێگاوات.

٭

ئەمە سەبارەت ، قەیس وائلی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی کارەبای عێراق، بە رۆژنامەی فەرمی راگەیاند، بەیارە حکومەتی عێراق گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای شەنگهای چینی بکات کە ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی وەزارەتەکە بە پێشخستنی بەرهەمهێنانی کارەبا کە ئێستا گەیشتووەتە ٢٨ هەزار مێگاوات.

باسی لەوەشکرد، پێشتر وەزارەتەکەیان چەندین رێککەوتنی دیکەی لەگەڵ کۆمپانیای جیهانی واژەکردووە

و دیارترینیان ڕەکەوتن بوون لەگەڵ کەمپانیای جەنەراڵ ئەلیکتریکی ئەمریکا بە دامەزراندنی وەستگەیەک بە توانای دوو هەزار و ٤٠٠ مەگاوات.